# با جیاوازییەکان بۆ خزمەتی کوردستان بێت نەك پشێوی نانەوە


www.zanayan.org

پەیام

پەیام کۆن نابێت

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری ئایینیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکات

ژمارە ( ٦٧ ) شەممە ٩ی رەبیعی یەکەم / ١٤٣٢ ٢٣ی رێبەندان ٢٧١٠ ٢٠١١/٢/١٢


بەچاودێریو ئامادەبوونی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمو لەژێر دروشمی (رۆڵی دامەزراوە ئایینیو رۆشنبیرییەکان لەپتەوکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی) رۆژی ٢٠١١/٢/١٢ لەهۆڵی مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا، کۆنفرانسێکی تایبەت بەو بۆنەوە دەبەسترێت.

ئەو کۆنفرانسە ژمارەیەك مامۆستای ئایینیو نووسەرانو رۆژنامەنووسان لەخۆ دەگرێ، بە مەبەستی لێك نزیك کردنەوەیان لەیەکترو خۆ دوورگرتن لە سوکایەتی بە پیرۆزیەکانو دووبارە نەبوونەوەی ئەو کێشانەی کە ماوەیەك پێش ئێستا روویاندا.

# لەیادی مەولوددا کوردستان بەشکۆدارییەوە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر ( k ) بەرز رادەگرێت

## لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندیو لقەکانی زانایان خۆ ئامادە سازی بۆ مانگی مەولود کرا



رۆژی ٢٠١٠/٢/٧ لەدوو کۆبوونەوەی جیاواز ئەنجومەنی ناوەندیو بەرپرسی سەرجەم لقەکانی زانایان لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کۆبوونەوە، تێیدا کۆمەڵێك خاڵ خرایەروو، لەوانە چۆنیەتی توندو تۆڵکردنی رێکخستنەکانی یەکێتی زانایانو دروستکردنی هەماهەنگی تەواو لەگەڵ دامو دەزگاکانو گرنگی زیاتر بدرێت بەوتاری هەینیو پشتیوانیکردن لەوتاربێژانو زانایانی ئایینی.

هەروەها لە هەردوو کۆبوونەوەکە، بەرنامەیەکی وردو چڕو پڕ دارێژرا بۆ ئەوەی یادی مەولودی پێغەمبەری ئیسلام لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی زانایان بڕیاریدا لەسنووری هەموو لقەکانی یەکێتی زانایان یادی مەولودی پێغەمبەری ئیسلام بکرێتەوە، هەروەها هەوڵ بدرێت لەیادەکانی مەولود خۆشەویستی پێغەمبەری ئیسلام لەنێو خەڵکی کوردستان پتر قوڵبکرێتەوەو، باس لە ئەرکی تاکەکانیش بکرێت بۆ خزمەتکردنی خاكو وڵاتو نیشتیمانەکەمان، هەروەها هەوڵبدرێ هەماهەنگی باش لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاف بکرێت.

لەو بارەوە بەڕێز مامۆستا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان لە لێدوانێکی بۆ پەیام گوتی: بەرنامەی زۆرو باشمان داناوەو بە نیازین لەو مانگە چەندین چالاکی جۆراوجۆر ساز بکەین، بەر لە ئێستا چەند کۆبوونەوەیەکی تایبەتمان ئەنجامدا، لەسەر دیارکردنی شێوازێکی رێكو پێك بۆ ئەو یادە شکۆدارە، کە خۆشبەختانە ئەتوانم بڵێم بەرنامەی باشمان داناوە، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ هاتنی ئەو یادە خۆشبەختانە مامۆستایانی ئایینی بەو پەڕی دڵسۆزیەوە، گەورەیی ئەو یادەو پیرۆزی رێبازو سوننەتی ئەو پێغەمبەرەو ئاکارو رەوشتو گوفتارو رەفتارەکانی حەزرەتی رەسوڵی ئەکرەم بۆ خەڵکی شیدەکەنەوەو، هەوڵ دەدەن خەڵكو کوردستانی خۆمان لەو خێرو خۆشیو بەرەکەتە بێ بەش نەکەن.

## بەیاننامەی یەکێتی زانایان بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ )**

موسڵمانانی خۆشەویست، شوێنکەوتووانی پێغەمبەری ئیسلام

لەسەرەتای هاتنی یادی مەولودی خۆشەویستو گەورەو سەروەرمان (محمّد المصگفى) پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین، بەو ئومێدەی مەولود بەخۆداچوونەوە بێت بۆ بەجێگەیاندنی سوونەتەکانی سەروەرمانو، پیادەکردنی رێبازەکەی لەژیانی گەنجو ئافرەتو پیاوو هەموو چینو توێژە جودا جوداکانی کۆمەڵگا، چونکە نابێ لەبیرمان بچێت یادکردنەوەی راستەقینە بریتییە لەنوێکردنەوەی پەیمانی شوێنکەوتەییو، قوڵبوونەوەی خۆشەویستیو، بەرزراگرتنی کەسایەتی بەرزیو، خوێندنەوەی ژیاننامەو پەند لێوەرگرتنی، بەتایبەتی کوردستان هەمیشە لەمانگی مەولوددا دڵی گەنجو پیاوو ئافرەتی دەکاتەوەو، هەموو شوێنوماڵێك یاد هەر یادی پێغەمبەرە.

لەکۆتاییدا هیواداریین ئەم یادە بەخێر بەسەر گەلو نەتەوەکەماندا بگەڕێتەوەو، لێیەوە فێری برایەتیو تەباییو خۆشەویستیو یەکتر قبوڵکردن بین، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا کوردستان هەمیشە کوردستانێکی ئارامو پڕ خۆشەویستی بێت.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

## یەکێتی زانایان سالیادی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی پیرۆز دەکات



بەمەبەستی پیرۆزباییکردنی سالوەگەڕی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانو لقی هەولێر سەردانی بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کرا.

لەسەردانەکەدا سەرۆکی یەکێتی زانایان سالیادی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی پیرۆز کرد، هیوای خواست لەکارەکانیان سەرکەوتوو بنو، بتوانن بە باشترین شێوە خزمەت بە ئەزموونی هەرێمی کوردستانو قوڵکردنەوەی گیانی لێبووردنو خۆشەویستی.

## یەکێتی زانایان داوا دەکات هێمنی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت

رووداوەکانی تونسو میسر کاریگەری بەسەر زۆر شوێنەوە هەبووە، بەتایبەتی وڵاتانی ناوچەکە، دیارە لەهەرێمی کوردستانیش هەندێك جار ئەو باسە دەخرێتە روو و، بەجۆرێك لەجۆرەکان بووەتە جێی قسە لەسەر کردنو، کارو کاردانەوەش.

بۆ ئەم مەبەستەش وەك ئەرکێکی نیشتیمانی یەکێتی زانایان بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە، لە بەشێکی بەیاننامەکە هاتووە: ئێمە وەك زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان پێمان وایە، ناکرێ بەراورد لەنێوان هەرێمی کوردستانو ئەو وڵاتە عەرەبیانە بکرێت، چونکە لێرە هەموو گۆڕانکارییەکان لەڕێگای هەڵبژاردنو بەدەنگدانی راستەوخۆی هاوڵاتییان پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دامەزراوە.

هەروەها لەبەشێکی دیکەی هاتووە: پێمان وایە کارێکی نادروستە هەر پشێوییەك لەو هەرێمە بنرێتەوە، کە تاکە پارچەیە لەئێراق شەڕو کوشتو بڕی تێدا نییە. دەقی بەیاننامەکە لەلاپەڕە ٤ بخوێنەوە.


گەورە زاناو فەیلەسوفو نووسەرانی جیهانی لەبارەی پێغەمبەرەوە چی دەڵێن ؟..ل»٣

موسڵمانانی کوردستان بەگوڕو تینەوە پێشوازی لەیادی لەدایکبوونی پێغەمبەری خۆشەویست دەکەن..ل»٦


## یەکێتی زانایان بەبۆنەی مەولودەوە چەندین ئاهەنگو فیستیڤاڵ بەڕێوە دەبات

بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی مەولودی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، یەکێتی زانایان هەڵدەستێت بەسازدانی چەندین ئاهەنگی مەولود لەسەرتاسەری کوردستان، هەر بۆ ئەم مەبەستە رۆژی ٢٠١١/٢/١٤ کات ژمێر ٤ی ئێوارە لە هۆڵی پێشەوا ئاهەنگێکی مەزن ساز دەکرێت، هاتن بۆ هەمووانە.

هەر بۆ هەمان مەبەست، لەژێر چاودێری سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، لقی سۆرانی یەکێتی زانایان چوارەمین فیستیڤاڵی مەولود بەڕێوە دەباتو، فیستیڤاڵەکە رۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠١١/٢/١٤ کات ژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی لە هۆڵی شەهید شەوکەوت شێخ یەزدین لەشاری سۆران بەڕێوە دەچێت.

## بۆ گفتوگۆی چەند پرسێك دەستەی راوێژکاری یەکێتی زانایان کۆدەبێتەوە

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠١١/٢/١ بە ئامادەبوونی هەریەك لەبەڕێزان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو، شێخ عەبدولباسیت بالیسانی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، دەستەی راوێژکاری یەکێتی زانایان بەمەبەستی توندوتوڵکردنی پەیوەندی نێوان لقو دەستەی راوێژکارانو دیاریکردنی ئەركو رۆڵی دەستەی راوێژکاران کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.

لەلێدوانێکیدا بەڕێز شێخ عەبدولباسیت بالیسانی بە سایتی زانایانی راگەیاند: ئەمڕۆ لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ١١ ئەندامی دەستەی راوێژکاران کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا، باس لە پەیوەندیو هەماهەنگی نێوان دەستەی راوێژکارانو سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان کراو، گرنگی پرسی ئاڵوگۆڕکردنی بابەتو، ئاگادارکرنەوەی هەمەلایەنەی باسو خواسی لقەکان لەگەڵ دەستەکە بەرزنرخێنرا.

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا بەڕێزیان گوتی: لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا وێڕای باسکردنی چەندین باسو خواسی گەرمی ناوچەکەو کوردستان، ئیدانەی کارەساتی ١ی شوبات کرایەوە، کە ئەمڕۆ سالڕۆژی ئەم کارەساتە بوو، تیایدا چەندین کەسایەتیو بەرپرسو خەڵکی سڤیل بوونە قوربانیو، زانایانی ئاینیش بێبەش نەبوون، بۆیە بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە ئەنجامدەرانی هەر کارێکی لەم جۆرە، بەکەسانێکی دوور لەئاینو رێزگرتنو خۆشویستنی وڵات ناوبران.

شایانی باسە: کۆبوونەوەکە نزیکەی ٢ کاتژمێری خایاندو، سەرجەم ئەندامانی دەستەی راوێژکاری ئامادەی بوون، جگە لە ٢ ئەندام کە بەهۆی نەخۆشیەوە نەیانتوانی ئامادەی بن.


رۆونکردنەوەیەك لە یەکێتی زانایانەوە دەربارەی حەرامکردنی فیدراڵیەت ل » ٢

بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی زانایان: هەر کەسێك سوکایەتی بە پیرۆزییەکان بکات، ئێمە بە گێرەشێوێنی دەزانین ل » ٤



د. حەسەن خالید موفتی: پێم هەڵەیە بڵێن لەسەردەمی سەحابە مەولود نەکراوە! ل » ٥



سامان ئیسماعیل: پەیامێکی مەولوود لەرۆژنامەی پەیامدا ل » ٧